خاوەنی ئیمتیاز
یەکێتی خوێندەڤانانی نەتەوەیی کوردستان

سەرنووسەر
هێمن سابیر مەولود
hemin5891@ yahoo.com

ئاڤێستا لە ئینتەرنێتەوە
www.yndk.com

پۆستی ئەلکترۆنی
avesta rojname@yahoo.com

ناونیشان:
باشووری کوردستان - هەولێر
شەقامی ٦٠ مەتری نزیک
سەنتەری خاتووزین
تەلەفۆن: ٢٢٢٣٦٧٥

## دڵنیا پشدەری

# ژیان بەبێ هونەر وەکو دۆزەخە

**ئا: سەباح شێخانی**

دڵنیا پشدەری خونچە بەهرەیەکی هونەریە گەر بایەخی زیاتری پێبدرێت دوارۆژێکی گەش چاوەڕوانی دەکات، دڵنیا خوێندەڤانە لە خوێندنگای ئەزمەری سەرەتایی، جگە لەمەش وەکو لایەنی هونەری تاکو ئێستا بەشداری لە زۆرکاری هونەری کردووە کە ژمارەیان لە (٣٠) بەرهەم تێپەڕ دەکات هەروەکو خۆی دەڵێت ماوەی (٦) ساڵە تێکەڵاوی هونەر بووم یەکەم بەرهەمیش بەشداریم تێدا کرد درامای (جیران) بوو کەلە نووسین و دەرهێنانی (زوهێر رەفەندی) بوو لە دەرفەتێکدا رۆژنامەی ئاڤێستا ناوبراوی هێنایە دوان:

* کۆمیدی یان تراژیدی؟ بۆچی؟

- کۆمیدی لەبەرئەوەی ئێستا فیلمی کۆمیدی باوی هەیە، هەر کاتێک فیلمی سۆزداری رەواجی هەبێت ئەوە من ئامادەم فیلمی خۆشەویستی و سۆزداری بەبەرهەم بگەیەنم.

* دڵنیا زیاتر بایەخ بە هونەر دەدات یان بەوانەکان؟

- زیاتر بایەخ بەوانەکانم دەدەم چونکە هەر ئەو وانانە منیان فێری هونەرکرد گەر خوێندن نەبوایە من هەرگیز بەم شێوەیە لە هونەر نەدەگەیشتم.

* هونەر لای تۆ چی دەگەیەنێت؟

- هونەر مانایەکی گەورەو فراوانی هەیە، وا هەست دەکەم هونەر یەکێکە لە ئەندامانی خێزانەکەم. بەبێ هونەر ناژیم هونەر هەتاکو مردن لەگەڵمایە، ژیان بەبێ هونەر وەکو دۆزەخە.

* کام رۆڵی خۆت پێ جوانە؟ لەکام بەرهەم؟

- لە فیلمی (کۆڵنەدان) کاتێک لە کۆتایی فیلمەکە بەیەکتر شاد دەبینەوە ئەم فیلمە لە دەرهێنانی هونەرمەند (رەمەزان بەردەرەشی) بوو.. بەڵام تاکە شتێک کە لێی پەشیمانم و زۆر لام ناخۆش بوو بەرهەمێکی کۆمپانیای چوارچرایە چونکە مافیان خواردم.

* خەڵک لە دەرەوەی ماڵ چۆن هەڵسوکەوتت لەگەڵ دەکەن؟

- هەندێکیان زۆر رێزم لێ دەگرن، بەڵام هەندێکی دیکەیان تەعلیق و توانج و پەلارم لێ دەدەن، بەڵام من لە بەرئەوەی هونەرمەندم ناتوانم وەڵامیان بدەمەوە چونکە هونەرمەند ئاستێکی بەرزی هەیە .

* کاتێک لەبەردەم زوومی کامیرا رادەوستیت هەست بەچی دەکەیت؟

- هەست بە خۆشیەکی زۆر دەکەم چونکە تەمسیل بۆ هەموو میللەت دەکەم.

* ئامادەی بەشداری هەموو کلیپێک بکەیت؟

- نەخێر بەمەرجێک بەشداری کلیپ دەکەم ئەگەر لەناو هەناوی کۆمەڵگا هەڵقوڵابێت و مۆرکی کوردەواری پێوە دیاربێت هەروەها دەبێت هونەرمەندەکە دەنگی خۆش بێت .

* دوابەرهەمت چیە؟ ئەی دوا ووتەت؟

- دوابەرهەمم بەشدارم لە فیلمێکی سینەمایی بەناوی (ئەستێرەکان) کەلەنووسین و دەرهێنانی (شیرین جیهانی) و لەوێنەگرتنی (بەهمەنی قوبادی) یە لەو فیلمە دەوری کچە کوردێک دەبینم کە ئەنفال دەکرێت ، ئەو ئەنفالەی کە مێژوویەکی تالی هەیە لەبەرامبەر میللەتی ئێمە دوا ووتەم دەڵێم قوتابی و خوێندەڤانەکانم زۆر خۆشدەوێت چونکە قوتابی ماڵی دووەمەو مامۆستاش هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ دایک و باوک داواکاریشم بایەخی زیاتر بە هونەرمەندان بدرێت و رێزێکی تایبەتی بۆ هونەر دابندرێت.



## شاکیرا نازناوی گۆرانیبێژی ساڵ بەدەست دەهێنێت



کچە گۆرانیبێژی کۆلۆمبی شاکیرا پێنج خەلاتی تۆڕی ئێم تی ڤی مۆسیقی بەدەست هێنا لەوانەش خەلاتی باشترین گۆرانیبژی ساڵ و باشترین گۆرانی کلیپ کراو بۆ ئەم ساڵ لەگەڵ چەندین خەڵاتی تر بۆ هونەرمەندو گروپەکانی تر شایەنی باسە بڕیاربوو مانگی رابردوو خەلاتەکان دابەش بکرێت بەڵام بەهۆی کەش و هەواوە دواخرا.

## داهێنەرە جیهانیەکان چ رەنجێکیان کێشاوە

- **جیمس وات:** گاوانێکی ئینگلیزی بوو توانی بەهێزی هەڵم چەرخی (لوکوموتیو) بخاتە کار.
- **ئەلبەرت ئەنیشتاین:** لەژێر زەبری حزبی نازیدا بنچینەی گەردیلەی بنیات نا.
- **لوی برای:** پیاوێکی کوێری فەرەنسایی بوو، توانی ئەلف و بێ بۆ کوێرەکان دابنێ و بەوهۆیەوە چاوی کوێرەکانی روون کردەوە.
- **کۆخ:** ئەو پسپۆڕە ئەڵمانیە بوو کەمیکرۆبی سیلی دۆزیەوە، بەڵام خۆی بە نەخۆشی سیل مرد.

## ووتەی پرشنگدار

ویژدانت ناچار مەکە ئەوەی دەیبینی چاوی لێ بپۆشێ و ئەوەی کە دەبێ سزا بدرێ، ئازاد بکرێ.

**کۆکرل**

- کەسانێک کە بیانەوێ ئاگرێکی گەورە بکەنەوە هەر بەسوتاندنی گەڵا بچووکەکان دەست پێ دەکەن.

**شکسپیر**

## سەیرترین رووداوی دەستدرێژی سێکسی

لەشاری ئەنتالیای تورکی پۆلیس پیاوێکی تەمەن ٣٥ ساڵی بە تۆمەتی دەستدرێژی کردنی سێکسی دەستگیر کرد، ئەوەی سەیرە لەم رووداوەدا ئەوەیە کە ئەوەی دەستدرێژی کراوەتە سەر مرۆڤ نەبووە ئاژەڵیش نەبووە بەڵکو (مانیکان) بو واتە ئەو پەیکەرانەی کەلەشوێنەکانی فرۆشتنی جلوبەرگ دادەنرێن و جلەکانیان پێ هەڵدەواسن بۆ راکێشانی سەرنجی خەڵک.

ئەم کابرایە خۆی لە یەکێک لە شوێنەکانی فرۆشتنی جل و بەرگ کاردەکات و لە کاتی داخستنیدا خۆی شاردەوە و بۆ بەیانی پۆلیس بە رووتی دەستگیری کرد لە نزیک یەکێ لەوپەیکەرانە کە ئەویش رووت کرابۆوە، دواتر پۆلیس دوو پەیکەری دیکەی لەو جۆرە دۆزییەوە کە لە چەند شوێنێکەوە شکابوو، وا پێدەچوو ئەم پیاوە زۆر گەزەی لێدابوو، لە دادگا پیاوەکە بە تۆمەتی دەستردرێژی کردنی سێکسی تۆمەتبار نەکرا، بەڵکو بە تۆمەتی تێکدانی کەلوپەلی تایبەتی خەڵک.

# خوێندنگای خەونەکان

**چیا کوردی**

## خوێندنگای بەهرەداران

خوێندنگایەکی پاک و خاوێن و خۆش، پاسێک گیراوە بۆ خوێندەڤانەکان، بڕیاری وەزارەت دەڵێی بەتایبەت دەرچووە بەیەک جلی جوان ئامادەبن لە خوێندنگا، مامۆستای زیرەک و بە بەهرەکان لەوێ کۆکرایتەوە، شوێنێکی ستراتیژی دابین کراوە بۆ بینایەکە، منداڵە دەوڵەمەندەکان لەوێ خربووینەتەوە، لەوەرزی زستان سەرمابوونیان نییە، هەموو پێداویستیەکان دابین کراوە، پۆلێکی خۆش و دەرگاو پەنجەرەی چاک و نەشکاو، بایەخی تەواو دەدرێ بە خوێندەڤانەکان لەلایەن بەرێوەبەرایەتی خوێندنگاوە، لە خۆشیان هەڵناپەڕن لەوێ بەڵکو لە شوێنی گەرم دادەنیشن، هەرچی بڵێی لە خواردەمەنی ئامادەکراوە بۆیان، خوێنەران خوابکە بتوانم رۆژێک لەوێ بخوێنم خۆم بەچاوی خۆم نابینم شاری خەو نەکان، بەڵام خۆزگە کەم لەوەش لەدەست دەرچوو بتوانم بخوێنم لە خوێندنگای خەونەکان، بەڵام ئەو رێگایەی ماوە لەو خەونە ملەوەنەی ببینم، ببم بە مامۆستا لە خوێندنگای خەونەکان و خانووەک بکڕم لە شاری خەونە رەش و سپییەکان.

## خوێندنگای بێ بەهرەکان

خوێندنگایەکی پیس و پرخۆڵ و تۆز، دەبێ بەنێو قوربکەوی تادەگەیە مەکتەب، هەرچۆنێک دێی ئاساییە، مامۆستایەکان زیرەکن، بەڵام بۆ بیرێک ناکەن کەس بانگیان ناکات بۆ خوێندنگای خەونەکان، هەندێک لە خوێندەڤانەکان زۆرجار بەگریانەوە دێن بەهۆی نەبوونی پارە بۆ خەرجکردن، وەرزی زستان لەسەرمان هەر خوا بخۆی دەیان بینی، پۆلەکەیان هەر پیس بەڵکو پاککەرەوەشیان نییە هەندێکیان دەرگاو پەنجەرەی شکاوە، لەو خۆشیە هەڵدەپەڕن کە زۆرشتیان بۆنە کراوە، لە حانوت شت گرانەو فەلافلەکە زۆر راقیە، خوێندەڤان لەوێ خوا خوایەتی چرکەیەک زووتر ئەم خوێندنگایە بەجێ بهێڵێ بچێتەوە ماڵەوە بەبێ کارەبا دانیشێ، تەنها لە رۆژی هەڵبژاردن لەلایەن بەرپرسان سەردانی دەکرێ ئەوانیش دەنگ دەدەن و دەڕۆن، تا هەڵبژاردنێکی ترخوا دەزانێ چی بەسەردێ ئەم خوێندنگایە.

### کاوڕ



لەکارەکانت سەرکەوتوو دەبیت و لەوانەشە قازانج بکەیت و دەستکەوتێکی باشت ببێت، بەمەرجێک لەگەڵ دەوربەر گرفتەکانت یەکلا بکەیتەوە.

### گا



ئیمڕۆ گەشتێکی کورت دەکەیت و دڵخۆش دەبیت، یان هەواڵێکی لەناکاو دەبیستیت سەبارەت بە بواری خۆشەویستییەوە دەکەویتە ناو خەون و خەیاڵی دڵڕفێن.

### جمک



لە گرفت و خەمەکانت دەکۆڵیتەوەو یەکلایەنە بڕیار لە دەرئەنجامەکانی دەدەیت بەمەش کاردانەوەکانت باش نابێت و کۆنترۆڵی ئارەزووەکانت لە دەست دەردەچێت.

### قرژاڵ



بەشێوازێک هەڵسووکەوت دەکەیت کە لەگەڵ سروشتی تۆ نەگونجێت بێگومان روبەڕووی گۆڕانکاری و باردودۆخێکی ناخۆش دەبیتەوە.

### شێر



رەنگە مەزاجت گۆڕانکاری بەسەردابێت و بەرەو خراپتر بچێت گرفتی بچووک گەورە بکەیت یان لە گشت شوێنێک بەدوای هەڵەو کەموکورتییەکان دەگەڕێیت.

### گوڵەگەنم



ئیمڕۆ گەر بە زیرەکی و دڵفراوانییەوە هەڵسوکەوت بکەیت، لایەنی سۆزداریت دەبوژێتەوە و لە خۆشەویستەکەت زیاتر نزیک دەبیتەوە .

### شایان



بەهۆی ئەو باودۆخە فەلەکییەی ئەم دواییە تووشی دڵەڕوکێیەکی زۆر بوویت و هاوسەنگیشت لەدەستداوە پێویستە لەو کەسانە دوور بکەویتەوە کە بەنزین بە گاردا دەکەن.

### دووپشک



دەستکەوتەکانت لە بواری ئیش و کارەوە دڵخۆشت دەکات و ئومێدو خەونەکانت زیندوو دەکاتەوە، هەندێک گۆڕانکاری لە بواری سۆزداریتەوە بە قازانجی تۆ تەواو دەبێت.

### کەوان



خۆت یەکلایی بکەرەوەو بە هۆشیاری بیر بکەرەوە، ئینجا بڕیار بدە ئەوەش بزانە کەسێکی دڵسۆزو هەست ناسک چاوەڕێی هەڵوێستی تۆ دەکات،بۆیە لە بڕیاردان وردو بەویژدانیە.

### گیسک



رەنگە بەدیاری دۆستەکەت شادبیت یان بەتەلەفۆن پەیوەندی پێوە بکەیت و کەمێک لە ئازارەکانت بیر بچێتەوە، باری دەروونیت پێویستی بە چاودێری زیاتر هەیە.

### گۆزە



لەبواری ئەڤینداریيەوە هەست و سۆزێکی قووڵ بەسەرتدا زاڵ دەبیت و لەوانەیە لەم بارەیەوە پێشکەوتنێک بەدەست بهێنیت.

### نەهەنگ



ئەستێرەی بەختت هەر لە گەشانەوەیە، باری سۆزدارییت پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت کەماوەیەکی زۆرە بەم شێوەیە نەبووە، بۆیە ورەت بەرز دەبێت و بڕوات بەخۆت پتەو دەبێت